# جادوو و بەختەوەری



جۆرجیۆ ئاگامبێن
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

ڕۆژێکیان واڵتەر بنیامین وتبووی «یەکەمین ئەزموون و بەرکەوتنی مناڵ لەگەڵ جیهاندا، تێگەیشتن نیە لەوەی کە گەورەکان بەهێزترن، بەڵکو ئەوەیە ناتوانن جادووبکەن». هەڵبەت ئەم ڕستەیە لە ژێر کاریگەریی بیست میللیگرام مادەی "مۆسکالین"دا وتراوە، کە هەڵبەت هیچ لە گرنگییەکەی کەمناکاتەوە. لەڕاستیدا زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەو دڵپڕبوونە توندەی جاروبار مناڵان دەگرێتەوە، لەویوە سەرچاوەبگرێت کە دەزانن ناتوانن جادووبکەن. هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە هەوڵ و لێهاتوویی خۆی بەدەستیاندێنێت، دیسان هەر ناتوانن بەختەوەری بکەن. ئەوە تەنیا جادووە کە دەتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکات. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە هیچ زیانێکی نەگەیاندە بلیمەتییە مناڵییەکەی مۆزارت، مۆزارت لە نامەیەکیدا بۆ جۆزێف بۆلینگەر ئاماژەی بۆ ئەم پەیوەندییە ڕازئامێزەی نێوان بەختەوەری و جادوو کردووە: شەریفانەژیان[1] لەگەڵ بەختەوەرانەژیان[2]دا دوو شتی تەواو لێکجیاوازن، دووەمیان شتێکە کە بەبێ جۆرە توانایەکی جادوویی بۆ من مەحاڵ و کاری نەکردەیە، بەم هۆیەوە، دەبوو شتێکی هەربەڕاست ناسرووشتی و سەرووسرووشتی ڕوویبدات.

ڕێک وەکو بوونەوەرە ئەفسانەییەکان، مناڵان باش دەزانن بۆ بەختەوەربوون دەبێت دێوێک لە تەنیشت دەستتەوە لەناو فانۆسەکەتدا هەڵبگریت، یان کەرێکت هەبێت و سکەی ئاڵتونی دەردات [ئاسکی ئاڵتونی] یان قازێک لە ماڵەکەتدایە و هێلکەی ئاڵتونیت بۆ دەکات. گرنگ نیە لە چ دۆخێکدایت، گرنگتر ئەوەیە جێگە درووستەکەی شارەزا بیت و بزانیت وێردی درووست بخوێنیت تاکو بتوانی گرفتەکەت لابدەیت و بەشێوەیەکی درووست بگەیتە ئامانجەکەت. جادوو ڕێک بەو مانایەیە کە هیچکەس نرخی ئەوەی نیە بەختەوەریی هەبێت، بەو جۆرەی کە مرۆڤە کۆنەکان دەیانزانی هەرجۆرە بەختەوەرییەکی گونجاو لەگەڵ مرۆڤدا بۆخۆی جۆرە بێشەرمییەکە، هەمیشە جۆرێك لە غروور و زیادەڕۆییە. بەڵام گەر کەسێک سەربکەوێت و فێڵێک بکات و چارەنووس بەجۆرێک لە جۆرەکان بگۆڕێت، گەر بەختەوەری پەیوەندیی بە شتی ترەوە هەبێت نەک ئەوەی کە مرۆڤە، بەڵکو شتانێکی وەک گوێزێکی جادوویەوە یان جۆرە وێردێک: ئەوا تەنیا و تەنیا ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەڕاستی و کامەرانییەوە خۆی بە بەختەوەر بزانێت.

---

1. To live respectably
2. to live happily

ئەو عەقڵە منالانەیەی کە پێیوایە بەختەوەری شتێک نیە دەبێت شایستەی بیت، هەمیشە لەگەڵ نارەزایی ئەخلاقیاتی رەسمیدا رووبەرووبۆتەوە. بۆ نمونە با گوێ لە قسەکانی "کانت" بگرین، ئەو فەیلەسوفەی کە کەمترین توانای هەبوو بۆ تێگەیشتنی جیاوازیی نێوان شەریفانەژیان و بەختەوەرانەژیان: ئەو شتەی کە لە مرۆڤدا تینووی بەختەوەرییە، جۆرێک هەوا و مەیل (inclination)ـە، ئەو شتەشی کە ئەم هەوا و مەیلە لە دۆخی بوونی سەرەتایی مرۆڤدا سنوردارەدەکات، عەقڵە. بەڵام ئێمە (یان ئەو منالەی کە لەناو ئێمەدایە) نازانێت چی لەو بەختەوەرییە بکات کە شایستەی بووین. چ کارەساتێکە ژنێک خۆشی دەوێن چونکە شایستەی ئەون! چەندیش وەرزکەرە ئەو بەختەوەرییەی وەکو پاداشتی کارێک وەری بگرن کە ئەنجامتاندابێت.

ناکرێت هەروا بەسادەیی بگوترێت ئەو ئەڵقەیەی کە بەختەوەری بە جادووەوە دەبەستێت، نائەخلاقییە. لەڕاستیدا ئەم ئەڵقەیە جۆرە ئەخلاقێکی باڵاترە، ئەم مەسەلەیە دەکرێت لە رێگەی حیکمەت و بنەمایەکی دێرینەوە بخرێتەڕوو، ئەو بنەمایەی کە دەڵێت: هەرکەسێک زانیی بەختەوەرە، ئیدی پێشوەخت دەستی لە بەختەوەریی خۆی هەڵگرتووە. ئەمە بەو مانایەیە کە بەختەوەری پەیوەندییەکی پارادۆکسانەی بە سوبێکتەکەی خۆیەوە هەیە. ئەو کەسەی کە بەختەوەرە ناتوانێت بزانێت بەختەوەرە. سوبێکتی بەختەوەری، سوبێکتێکی بۆخۆی per se نیە، ئەو شێوەی ئاگاییەک (consciousness) یان ویژدانێك(conscience)ـی لەبەردەستدا نیە، تەنانەت شێوازە باشەکەیشی نیە. لێرەدا جادوو بەرواڵەت جۆرە ئاوارتە و ریزپەرێکە (استثنا)، تاکە شتێکە کە رێگەدەدات بەختەوەر بیت و بزانیت بەختەوەریت. ئەو کەسەی کە لە رێگەی جۆرە سیحرێکەوە دەستی بە شتێک گەیشتووە، لەوەدا سەرکەوتووە کە بە سەلامەتی لەو غیرەتە دەرچێت کە بە ئاشکرا لە هەر جۆرە بەئاگابوونێك-لە-بەختەوەریدا نوستووە، چونکە بە مانایەکی تایبەت، ئەو بەختەوەرییەی کە مرۆڤ دەزانێت خاوەنیەتی، چیتر هی ئەو نیە. بەو هۆیەشەوەیە کە زیۆس خۆی دەکاتە ئامفیتریون و (بەم فێڵە) لەگەڵ ئالکمینی شۆخوشەنگدا دەخەوێت، چیتر ئەمە چێژوەرگرتنێک نیە لە پێگەی زیۆسدا، تەنانەت بە پێچەوانەی رواڵەتی کێشەکەشەوە ئەم چێژە لە پێگەی ئامفیتریۆنیشدا ئەنجامنادرێت. کەیف و بەختەوەرییەکەی بەتەواوی لە دەستی سیحرەکەدایە، تەنیا ئەوەی کە بە فێڵ و تەڵەکەکانی جادوو بەدەستدێت، دەتوانرێت بەئاگاییەوە و بە شێوەیەکی پەتی چێژی

لێببینرێت. تەنیا ئەو کەسەی کە سیحری لێکراوە (یان بەر سیحر کەوتووە) دەتوانێت بە بزەی لا لێویەکەوە بڵێت "من[I]"، تاکە بەختەوەرییەک کە شایستەی بین، ئەو بەختەوەرییەیە کە تەنانەت خەویشی پێوە نابینین شایستەی بین.

ئەم مەسەلەیە هۆکاری کۆتایی ئەو تێڕوانینەیە کە تەنیا یەک ڕێگە لەسەر ئەم زەوییە هەیە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری: باوەڕبوون بە کاری ئیلاهی و دەرکردنی ئارەزووی بەیەکگەشتن و شەوقی ویساڵ لە سەری خۆت (کاتێک کافکا لە گفتوگۆیەکدا بە گۆستاف یانوش دەڵێت خەروارگەلێک ئومێد هەیە-بەڵام ***نەک بۆ ئێمە***، جۆرە تەوس و ئایرۆنییەک ئەم قسەیە دووبارە دەکاتەوە) . ئەم تێزە بەئاشکرا زاهیدانەیە، تەنیا ئەو کاتە جێی تێگەیشتنە کە ئێمە «ماناکەی ***نەک بۆ ئێمە*** درک بکەین». ***نەک بۆ ئێمە***، بەو مانایەیە کە بەختەوەری هەمیشە هی ئەوانی ترە (بەختەوەری ڕێک بۆ ئێمەیە)، بەختەوەری چاوەڕێی ئێمەیە، بەڵام تەنیا لەو خاڵەدا کە بۆ ئێمە دانەنراوە. واتە بەختەوەری تەنیا بە هۆی جادووەوە دەبێتە نسیبمان. لەو خاڵەدا کە ئێمە کاتێک شتێک بە ناوی چارەنووسەوە جیابکەینەوە، بەختەوەری بەتەواوی ڕێکەوتە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە بتوانین جادوو بکەین، بەتەواوی جووت و ڕێکەوتە لەگەڵ ئەو جوڵە (ژێست)ـەی کە بەکاری دێنین تا ئەو دڵتەنگییە مناڵانەیە بەیەکجاری و هەمیشە ڕیشەکێش بکەین.

ئەگەر وا بێت، ئەگەر هیچ بەختەوەرییەک لە ئارادا نیە جگە لە هەستی توانای بە-جادوو-بوون، ئەوا ئەوکات پێناسە لوغزاوییەکەی کافکا سەبارەت بە جادوو ڕوونتردەبێتەوە. دەڵێت گەر ئێمە ژیان بە ناوە درووستەکەی بانگ بکەین، ئەوا دێتە پێشەوە، چونکە ژیان  خۆی زاتی جادووەکە داناهێنێت و (درووستناکات) بەڵکو بانگیدەکات. ئەم پێناسەیە لەگەڵ ئەو نەریتە دێرینەی کە کابالیستەکان و پێشبینیکەرەکان و غەیبیبێژەکان دوای کەوتوون جووتدێتەوە. لەسەر بنەمای ئەم نەریتە، جادوو هەر بە زەرووڕەت جۆرێکە لە زانستی ناوە نهێنییەکان[3]. هەر شتێک، هەر بوون و بوونەوەرێک، سەرباری ئەوەی کە ناوێکی ئاشکرای هەیە، ناوێکی شاراوەشی هەیە کە ناتوانین بێباکانە بە لایدا تێپەڕین. بوون بە جادووگەر، بە مانای زانین و بێدارکردنەوەی ئەم سەر-ناوانەیە[4]. بۆیە باسگەلێکی بێکۆتایی سەبارەت بە ناوەکان (چ فریشتەیی یان شەیتانی) دەگرێتەوە تاکو جادووگەر(و فاڵگرەوە) لە دەسەڵاتی

---

[3] . secret names
[4] . archi-names

تەواوی خۆی دڵنیابێتەوە بەسەر هێزە ڕۆحییەکاندا [گیانەکان و هێزە نادیارەکان]. بۆ ئەو، ناوە ڕەمزییەکە تەنیا خەتم و مۆرێکە، مۆری دەسەڵاتی (جادووگەر) لە -مراندن= و =زیندووکردنەوە-ی ئەو مەخلوقەی کە ئەو ناوەی هەیە.
بەڵام بەپێی نەریتێکی تر، کە نەریتێکی ڕووناکتر و دەروشاوەتریشە، ناوە نهێنییەکە بەر لەوەی کلیلی چەکدامالینی شتەکە بێت لە بەرامبەر قسەی جادووگەرەکەدا، "مۆنۆگرامی"یەکە دەبێتە ڕێگری ڕزگاربوونی شتەکان لە زمان["مۆنۆگرامی واتە پیتی یەکەمی ناوێک یان شتێک کە بە شێوەیەکی ڕازاوە لەسەر جل یان پاکەت هەڵدەکۆڵرێت"]. لە باخی عەدەندا هەموو مەخلوقات بە ناوە نهێنییەکەیان ناودەنران. هەرکە ئەم ناوە نهێنییە گۆدەکرێت، ئیدی هەموو ناوە ئاشکراکان –یان لەڕاستیدا بورجی بابلی هەموو ناوەکان- دەکەونە لەرزە و هاڕەدەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە بەپێی تەریقەت و نەریتی ناوبراو، جادوو بریتییە لە بانگکردنی بەختەوەری[٥]. ناوی نهێنی، ژێستێکە کە مەخلوق دەگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلە دەرنەبڕراوەکە. لەم حاڵەتەی دواتریاندا، جادوو جۆرێک نیە لە زانستی ناوەکان بەڵکو ژێستێکە، واتە بەیەکداچوون و ئازادبوونە لە ناو. لەبەر ئەمەشە کاتێک منالێک هیچکات هێندەی ئەو کاتە ڕازی و خۆشحاڵ نیە کە زمانێکی نهێنی و ڕەمزیی دادەهێنێت [وەک ئەوەی لە منالیی هەر یەکەماندا چ بە تاک و بە زیاتریش زمانێکی تایبەت و سنوردارمان درووستدەکرد و هەر خۆمان لە وشەکانی تێدەگەیشتین]. بێزاریی مناڵ بەر لەوەی بە هۆی نەزانینی ناوە جادووییەکانەوە بێت، بە هۆی بێ توانایییەوەیەتی لە ئازادکردنی ئەو ناوەی کە بەسەریدا سەپێنراوە. تەنیا ئەو کاتە سەردەکەوێت، تەنیا ئەو کاتە ناوێکی تازە دادەهێنێت کە پاسۆردی بەختەوەریی هەبێت، ئەو وشە نهێنییەی کە بەختەوەریی پێدەبەخشێت. ناو-هەبوون یان هەبوونی ناوێك[٦]، تاوانبارێبوونە. عەدالەتیش وەکو جادوو بێناوە. بەختەوەر، بێناو، بوونەوەرگەلێک لە پشتی دەروازەکانی سەرزەمینی جادووگەرانەوە لە دەرگا دەدەن، بوونەوەرگەلێک کە تەنیا بە ژێستەکان و جووڵە و نمایشەکانیان قسەدەکەن. ["بەراورد بەو ئەهریمەنانەی کە لە پشتی دەرگای ژوورەکەی کافکاوە لە دەرگا دەدەن: "فاشیزم؟!"].

---

[5] . call to happiness
[6] . To have a name

لەم دوو سەرچاوەوە کراوەتە کوردی:

1. http://www.cloob.com/c/5853/104758221
2. http://textexture.com/index.php?text_id=4